# پیاوێک هەبوو ئەوەندەی من بزانم کەس نییە هێندەی ئەو ماڵی لە مزگەوت دوور بێت، هەرگیز هیچ نوێژێکی لە دەست نەدەچوو ((بە جەماعەت

له‌ ئوبه‌ی كوڕی كه‌عبه‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: «پیاوێک هه‌بوو ئه‌وه‌نده‌ی من بزانم كه‌س نییه‌ هێنده‌ی ئه‌و ماڵی له‌ مزگه‌وت دوور بێت، هه‌رگیز هیچ نوێژێكی له‌ ده‌ست نه‌ده‌چوو (به‌ جه‌ماعه‌ت)، پێی ووترا: ئه‌گه‌ر گوێدرێژێک بكڕی بۆئه‌وه‌ی به‌سواری بێیت له‌ تاریكی وگه‌رمادا (بۆت باشتر ده‌بوو)، ئه‌ویش ووتی: «من حه‌زم به‌وه‌ نییه‌ ماڵم نزیكی مزگه‌وت بێت، من ده‌مه‌وێت پاداشتی هه‌نگاوه‌كانی هاتنم به‌ره‌و مزگه‌وت وگه‌ڕانه‌وه‌م (له‌ مزگه‌وته‌وه‌) به‌ره‌و ماڵ بۆ بنووسرێت»، له‌سه‌ر ئه‌م باسه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: «به‌دڵنیاییه‌وه‌، خودای گه‌وره‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ت پێده‌به‌خشێت».

[سه‌حیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایه‌تی كردووه‌)]

ئوبه‌ی کوڕی که‌عب -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌یگێڕێته‌وه‌ بۆمان كه‌ پیاوێک هه‌بوو له‌ ئه‌نساڕ كه‌س هێنده‌ی ئه‌و ماڵی له‌ مزگه‌وتی نه‌به‌وی دوور نه‌بوو، هه‌رگیز هیچ نوێژێكی جه‌ماعه‌تی له‌ ده‌ست نه‌ده‌چوو، به‌ڵكو ئاماده‌ی هه‌موو نوێژێك ده‌بوو له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم-، وپێی ووترا: ئه‌گه‌ر گوێدرێژێک بكڕی بۆئه‌وه‌ی به‌سواری بێیت له‌ تاریكی شه‌و، وگه‌رمای ڕۆژدا؛ بۆت باشتر ده‌بوو، ئه‌ویش ووتی: پێم خۆش نییه‌ ماڵم له‌ ته‌نیشت مزگه‌وت بێت، من ده‌مه‌وێت خودای گه‌وره‌ پاداشتی هه‌نگاوه‌كانی هاتنم بۆ مزگه‌وت وگه‌ڕانه‌وه‌م له‌ مزگه‌وته‌وه‌ به‌ره‌و ماڵ بۆ بنوسێت، ئه‌م قسه‌یه‌ گه‌یشت به‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم-، وفه‌رمووی: به‌دڵنیاییه‌وه‌، خودای گه‌وره‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ت پێده‌به‌خشێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee